لە هەولێر کارکردن لەپڕۆژەی پارکی ڕەشکین لەسەر ڕووبەری نزیکەی 120 هەزار مەتر دووجا دەکرێت

لە هەولێر کارکردن لەپڕۆژەی پارکی ڕەشکین لەسەر ڕووبەری نزیکەی 120 هەزار مەتر دووجا دەکرێت.

لەسەر ڕاسپاردەی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی کابینەی نۆیەمی هەرێمی کوردستان و بە گوژمەی 15 ملیار دینار، کارکردن لە پڕۆژەی پارکی ڕەشکین لەسەر ڕووبەری نزیکەی 120 هەزار مەتر دووجا دەکرێت.

پڕۆژەکە پێکهاتووە لە، پەرژینی پڕۆژەکە بەدرێژایی هەزار و 600 مەتر، دروستکردنی گەراجی ئۆتۆمبێل، دروستکردنی دوو کافتریای مەدەرن، دروستکردنی ڕووەوی ڕاکردن و پایسکلسواری، دروستکردنی دوو عەمباری ئاو بە قەبارەی 300 مەتر سێجا، لەدانی بیری ئاو بەقووڵی 500 مەتر، کاری سیستمی کارەبا و سیستەمی ڕووناککەرەوەی پڕۆژەکە، سەوزایی و چاندنی هەزار دار و چیمەنی هەمیشە سەوز و دیان هەزار گوڵ.